ناوەڕۆک


**راپرسی ........ 0**

**راپرسی ........ 1**

**چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم راپرسییە ........ 2**

**پێشەکی ........ 4**

**پووختە ........ 5**

**دۆزراوە سەرەکییەکان ........ 6**

**میتودی کۆکردنەوەی داتاکان: میتودۆلۆجی ........ 7**

**ناوەڕۆک ........ 8**

**سەرەتا ........ 10**

**بەشی یەکەم: باکگراوندی گشتی راپرسی ........ 12**

**بەشی دووەم: بەکارهێنانی ئینتەرنێت و سۆشیالمیدیا ........ 13**

2.1 بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەنێو خێزان لە هەرێمی کوردستان ........ 14

2.2 کاژێرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ........ 15

2.3 کاتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (بەیانیان، شەوان، هەرکاتێک دەرفەت هەبێت، ئێوان و هەموو کاتێک) ........ 17

2.4 بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) لە هەرێمی کوردستان ........ 18

2.5 چالاکبوون یاخود زیاتر بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ........ 19

**بەشی سێیەم: رەفتاری بەکاربەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان ........ 20**

3.1 بڵاوکردنەوەی پەیام (پۆست) لە سۆشیالمیدیا ........ 20

3.2 بڵاوکردنەوەی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا (شەیر) ........ 21

3.3 سەیرکردن و بەدواداچوون بۆ پەیامی هاوڕێکانیان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ........ 23

3.4 بەدواداچوون بۆ بابەتی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ئەدەبی) لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ........ 24

3.5 چ بابەتێک (ڤیدیۆ، وێنە، نووسینی کورت و نووسینی درێژ) لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان سەرنجت رادەکێشێ ........ 25

3.6 متمانە بەنێوەڕۆکی بابەتە بڵاوکراوەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) ........ 26

3.7 لایکی پەیجی سیاسەتڤان و کەسایەتییە سیاسییەکان ........ 27

3.8 بەدواداچوون بۆ دەرکەوتنی پۆست لە دیواری لاپەڕەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ........ 29

3.9 بەکارهێنانی ئامرازی دیکە بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری ........ 30


3.10 پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بووەتە مینبەرێک بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوەکانی ناوچەکە ........ 31

**بەشی چوارەم: کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری) ........ 32**

## 2.5 چالاکبوون یاخود زیاتر بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ، چالاکبوون (ئەکتیڤ) لەنێو پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، لەدوای فەیسبووک تارادەیەکی زۆر کەم دەبێتەوە. بەشێوەیەک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لە فەیسبووک بە ڕێژەی 60.8٪ چالاکن، بەدوای ئەویشدا زۆر کەم دەبێتەوە و دەبێتە نیوە. ڕێژەکە بۆ سنەپچات دەبێتە 36.3٪، ئینجا ئینستاگرام بە ڕێژەی 29.6٪، ئینجا تیکتوک بە ڕێژەی 28.8٪. کەمترینیشی لینکدین بە ڕێژەی 0.2 و ماڵپەڕەکان بە ڕێژەی 0.8٪ بووە.


گرافیک 6: چالاکبوونی بەشداربووانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان



## 3.2 بڵاوکردنەوەی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا (شەیر)

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەگشتی 46٪ی خەڵک پەیامی کەسانی دیکە بڵاوناکەنەوە. 30٪ زۆر بە کەمی شتی وا دەکەن و 17٪یش هەندێکجار و ڕێژەی 6٪یش زۆرجار پەیامی کەسانی دیکە بڵاودەکەنەوە.


گرافیک 8: نیشاندەری بڵاوکردنەوەی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.



### 3.5 چ بابەتێک (ڤیدیۆ، وێنە، نووسینی کورت و نووسینی درێژ) لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان سەرنجت رادەکێشێ

بۆ تێگەیشتن لە شێوازی ئەو بابەتانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەگات، پرسیارمان کرد کە چ شێوازێکی بابەتەکان زیاتر سەرنجت رادەکێشێ. بەگشتی و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە رێژەی 88.7٪ ڤیدیۆ، 48.3٪ نووسینی کورت، 27.7٪ وێنە، 24.3٪ دەنگ و 19٪یش نووسینی درێژ سەرنجیان رادەکێشێ.


گرافیک 12: نیشاندەری سەرنجڕاکێشانی بابەتەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان



### 3.8 بەدواداچوون بۆ دەرکەوتنی پۆست لە دیواری لاپەڕەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ڕێژەی 38.7٪ ی بەکارهێنەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هەرگیز بەدواداچوون بۆ ئەو بڵاوکراوانە ناکەن کە لەسەر دیوارەکەیان دەردەکەوێت. 31٪ زۆر کەم و ڕێژەی 24.9٪ هەندێک جار و 5.2٪ زۆرجار ئەو کارە دەکەن.

گرافیک 16: بەدواداچوون بۆ پۆست و بڵاوکراوەکانی نێو سۆشیالمیدیا لە هەرێمی کوردستان



## بەشی چوارەم: کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری)

### 4.1 کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە

خەڵك و بەکاربەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ خۆیان چ روانگەیەکیان لەبارەی کاریگەری ئەو ئامرازانە لەسەر ژیانی خۆیان هەیە؟ بۆ زانینی ئەمە، پرسیارمان لە بەشداربووان کرد و بەگوێرەی ئەنجامەکە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، 84٪ بۆچوونیان وایە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی هەیە. لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانیش بەرزترین رێژەی ئەوانەی بۆچوونیان وابوو کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی هەیە، ئیدارەی راپەڕین بە رێژەی 98٪ و پارێزگای هەڵەبجەش 92٪ رایان وابووە.

بەگشتی و بەپێی ئەنجامەکان، لەبارەی تێکڕای کاریگەری سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە، رەگەزی نێر بە رێژەی 85٪ و رەگەزی مێ 82٪، لەگەڵ ئەوەدان کەوا کاریگەری لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی هەیە، بەهەمان شێوە لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، بەرزترین رێژەی ئەوانەی پێیانوایە کاریگەریی هەیە، گرووپی تەمەنی (18-24)ساڵ بە رێژەی 85٪ بووە. لەڕووی باری خێزانییەوە، ئەوانەی جیابوونەتەوە، بە رێژەی 100٪ لەگەڵ ئەوەدابوون کە سۆشیالمیدیا کاریگەری لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی هەیە. هەروەها لەڕووی پیشەوە، بەرزترین رێژە لەنێو ئەوانەدایە کە کار دەکەن، بەشێوەیەک 86٪ یان بۆچوونیان وابووە کەوا کاریگەری هەیە. لەڕووی بروانامە و ئاستی خوێندەوارییەوە بەرزترین رێژەی ئەوانەی بۆچوونیان لەگەڵ ئەوەدا بووە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەوانەن کە هەڵگری بروانامەی ئامادەیین. هەروەها دانیشتووانی قەزا و شارە بچووکەکان زیاتر لە گوندەکان بۆچوونیان لەگەڵ ئەوەدا بووە کەوا ئەو کاریگەرییە هەیە.

